# عیـراق

## پەخشـــنامەی ســـــندووقی فــراوانی بەدەنگەوەهــاتنی مرۆڤایەتی (ERF)

ژمارە 16-کانونی دووەم 2009

سندووقی فراوانی بەدەنگەوەهاتنی مرۆڤایەتی (ERF): سندووقی فراوانی بەدەنگەوەهاتنی مرۆڤایەتی عیراق بە ئامانجی یارمـەتی دانـی پڕکردنـەوەی بۆشـایی مرۆڤایەتی هەرە گرنگە لە نێوان کەرتە جیاجیاکان لە ڕێگای پارەبەخشینی سانای ئامادەی بەردەست بۆ بەدەنگەوەهاتنی کتوپڕ. ئەوپەڕی بەخشین 400,000 دۆلارە.

## زانیاری تازەی کردەنی

### سندووقی فراوانی بەدەنگەوەهاتنی مرۆڤایەتی (ERF)

***پرۆژە و باری دارایی:***

دوو پێشنیاری نوێی تر بۆ پەناگە (کرکوك) و یارمەتی بۆ کەسانی پەککەوتە/بریندار لە (بەغدا، ئەنبار، کەربەلا، واسیت، بابل، زی قار) پێشکەش کرا بۆ ERF بەمەبەستی لێکۆڵینەوەیان لە کانوونی دووەمی 2009 لەلایەن ڕێکخراوی نیشتمانی و نێودەوڵەتی. لێژنەی پێداچوونەوەی تەکنیکی (TRC) سەر بە ERF چوار پرۆژەی پەسەند کرد بە سەرجەمی تێچووی 719,752 دۆلار لە کانوونی دووەم. لەوەتی 2007، لێژنەی پێداچوونەوەی تەکنیکی (TRC) 51 پێشنیاری پرۆژەی پەسەند کردووە. لەم پرۆژە پەسەند کراو و پارە پێ بەخشراوەندا، 44 تەواوکراوە، و 3 لە ژێر جێبەجێ کردن دایە، و 4 چاوەڕوانی خەرجکردنی گوژمەن. سەرجەمی تێچووی پرۆژە پەسەند کراوەکان لە کانوونی دووەمی 2009 719,752 دۆلارە.

هەروەها حەوت پرۆژەی تر بە گوژمەی گشتی نزیکەی 1,000,000 دۆلار ئێستا لە ژێر پێداچوونەوە دایە.. تیمی بەرهەمی کەرت (SOT) شیانی 1 پرۆژەی ڕەتکردووە دوای ئەوەی داواکاران نەیانتوانی زانیاری زیاتر فایلەکر پێشکەش بکەن. یەك پرۆژەش کێشراوەیەوە بەهۆی پێشکەش نەکردنی زانیاری لە کاتی خۆی. تیمی بەرهەمی کەرت (SOT) بە گشت داواکاریەکانی پارەداندا دادەچێتەوە بۆ دڵنیابوون لە نەبوونی دووبارەبوون لە بەدەنگەوەهاتن، هەروەها کە پێشنیارەکان لە ڕووی تەکنیکی یەوە دروستن و کردەنی و گونجاون لەگەڵ ئامانجەکانی SOT.

هاوبەشەکانی ئێستا پرۆژە بەردەوامەکانی لەلایەن ERF گوژمەی بۆ دابین کراوە جێبەجێ دەکەن بریتین لە: کۆمەڵەی ئەلئەملی عیراقی، و ڕێکخراوی کورد، و ڕێکخراوی میرسی Mercy Corps .

### بەخشینەکان بە ERF:

سندووقی ERFبەخشینێکی بە بڕی 766,055 دۆلار لە سوید وەرگرت لە مانگی کانوونی دووەم. بالانسی کراوەی ERFبۆ 2009 دوای تەرخان کردن بۆ چوار پرۆژە پەسەند کراوەکە 13,774,875 دۆلارە.

### لێژنەی پێداچوونەوەی تەکنیکی (TRC)

پێکهاتووە لـە نوێنـەرانی ڕێکخـراوە نێودەوڵەتیـەکانی سـەر بە نەتـەوە یـەکگرتووەکان (UNICEF و IOM)، و بەخـشـەرەکان (ئیتاڵیـا و نەرویـژ)، و ڕێکخـراوە ناحکومیـەکان (ئە نجوومـەنی پەنابەرانی دانیمارکی (DRC) و تیر دێز ئۆم (TDH).

لێژنەی پێداچوونەوەی تەکنیکی (TRC) ئێستا هەڵدەستێت بە پێداچوونەوەی بژارکردنەکانی پەیمانی سندووق، و پێشنیاری پارەدان، و نموونەی ڕاپۆرت دانان، لە گەڵ تێبینی ڕابەرنامەی جێبەجێ کردنی پرۆژە.

### چەند ڕاستیەك دەربارەی سندووقی فراوانی بەدەنگەوەهاتن ERF:

- ERF هەڵدەستێت بە بەخشینی پارە بە شێوەیەکی خێرا بە ڕێکخراوە نیشتمانی و نێودەوڵەتیەکان بۆ هەڵسان بە کاری مرۆڤایەتی دەستبەجێ لە عیراق بەمەبەستی کەمکردنەوەی کێشە و ئازاری هاوڵاتیان لە ڕێگای بەدەنگەوەهاتنی دەستبەجێی پێداویستیە مرۆڤایەتیەکان. سوودمەندانی نموونەیی پرۆژەکانی لەلایەن ERF گوژمەی بۆ دەدرێت بریتین، وەك نموونە، لە خەڵکی ڕاگوێزراو و کۆمەڵگا کارتێکراوەکان بەهۆی توندوتیژی و بێوۆژن و خەڵکی پەککەوتە. ئەمەو مەبەستی ERF بەدەنگەوەهاتنی کێشەی کۆمەڵایەتی درێژخایەن یا ئاوەدان کردنەوە یا هەر پێداویستەیەکی گەشەسەندنی درێژخایەنی تر نیە.
- ERF هەوڵدەدات پارە بۆ سندووقەکە دابین بکات لە ڕێگەی بەخشینی تازە لەسەر بنچینەیەکی بەردەوام. سندووقەکە بەلای زۆر 400,000 دۆلار و بەلای کەم 25,000 دۆلار دەبەخشێت بۆ هەر پرۆژەیەك.
- پارە بەخشینەکان بە ERF بە شێوەیەکی کۆکراوە و دیاری نەکراو ڕەفتاری لەگەڵ دەکرێت، واتە ناسنامەی بەخشەر وون دەبێت.
- لێژنەی پێداچوونەوەی تەکنیکی (TCR) بەشێکی تەواوکەری ERF ە کە پێکهاتووە لە نەتەوە یەکگرتووەکان و ڕێکخراوی کۆچکردنی نێودەوڵەتی IOM هەروەها ڕێکخراوە ناحکومیەکان و نوێنەرانی بەخشەرەکان.

(بۆ ووردەکاری زیاتر، تکایە بڕوانە پەیڕەونامەی ERF، کە دەتوانن لە نووسینگەی ڕێکخستنی کاروباری مرۆڤایەتی OCHA نووسینگەی عیراق دەستتان کەوێت لە ڕێگای ئیمێڵ ochairaq@un.org ).

United Nations Office for the Coordination of Humanitarian Affairs







1. سندوقی نۆژەنکردنەوەی نێودەوڵەتی عیراقی (http://www.irffi.org)




*باری پارەدان بە پێی کەرت (2007 - )*

## پرۆسەی بانگەوازی یەکگرتووی 2008 و 2009

بڕی پارەی بانگەوازی یەکگرتوو 2008، کە داوای 274,253,721 ملیۆن دۆلاری ئەمریکی دەکات (بژاردکراو) بۆ کارە مرۆییەکان لە عیراق گەیشتۆتە 75,8٪. سندووقی فراوانی بەدەنگەوەهاتنی مرۆڤایەتی ERF داوای 20 ملیۆن دۆلاری کرد و 76,7٪ کە دەکاتە (15,334,110 ملیۆن دۆلار، لەنێوانیاندا 15 ملیۆن دۆلار لە سندووقی متمانەی عیراقی) وەرگرت.

بانگەوازی یەکگرتووی 2009 بۆ عیراق داوای 192,334,256 ملیۆن دۆلاری ئەمریکی دەکات بۆ دابین کردنی پێداویستیەکانی خەڵکی راگوێزراوی ناوخۆ و عیراقی تری زیان پێگەیشتوو لە ناوەوەی وولاتدا (کۆڵەکە 1) هەروەها بڕی 355,008,505 ملیۆن دۆلاری تر (کۆڵەکە 2) بۆ بەدەنگەوەهاتنی پێداویستیە مرۆڤایەتیەکانی زیاتر لە 2 ملیۆن پەناهەندەی عیراقی لە سوریا، و ئەردەن، و لوبنان، میسر، و تورکیا، و ئێران، و وولاتانی ئەنجوومەنی هاریکاری کەنداو، هەروەها بۆ پێشکەش کردنی یارمەتی بۆ پەناهەدە فەلەستینی و ئێرانی و تورکی و هی تر لە عیراق. بۆ زانیاری زیاتر لە سەر باری پارە بەخشین بۆ بانگەوازی 2009 بەردەستە لە

http://ocha.unog.ch/fts/reports/daily/ocha_R1_A835___090217.0205.pdf




*ژمارەی سوودمەندان (2007 - )*

United Nations Office for the Coordination of Humanitarian Affairs

## پارەدانی CAP 2008 بە پێی کەرت

| کەرت | پارەدان |
|---|---|
| کشتوکاڵ/دەستەبەرکردنی خۆراك: | 1,3 ملیۆن دۆلار (17٪) |
| خزمەتگوزاریەکانی ڕێکخستن و پاڵپشتی کردن: | 8,2 ملیۆن دۆلار (116٪) |
| فێرکردن: | 4,7 ملیۆن دۆلار (24٪) |
| خۆراك: | 83 ملیۆن دۆلار (84٪) |
| تەندروستی و خۆراك پێدان: | 19,4 ملیۆن دۆلار (59٪) |
| نیشتەجێ کردن و پەناگە: | 25 ملیۆن دۆلار (63٪) |
| پاراستن/مافی مرۆڤ/ سالاری یاسا: | 17,2 ملیۆن دۆلار (67٪) |
| کەرتی تا ئێستا دیاری نەکراو (لەوانە ERF): | 33,2 ملیۆن دۆلار (166٪) |
| ئاو و ئاوەڕۆکان: | 15,6 ملیۆن دۆلار (72٪) |

بۆ زانیاری زیاتر لەسەر پرۆسەی بانگەوازی یەکگرتووی عیراق CAP 2008، تکایە سەردانی ئەم سایتەبکە:

http://ocha.unog.ch/fts2/pageloader.aspx?page=emerg-emergencyDetails&appealID=808

### پڕۆژەی تەواوکراو لە کانوونی دووەمی 2009 – ڕێکخراوی دەنگی سەربەخۆی ئافرەتان (VIWO)

لە ماوەی ئامادەکردنی ئەم ڕاپۆرتە، پڕۆژەیەك کە مەبەستی 314 هاووڵاتی بەساڵاچوو بوو لە عیراق تەواوکرا، کە چوار خانەی بەساڵاچووانی دا پۆشی لە بەغدا و کەربەلا و نەجەف، کە خۆراك و کەل و پەلی ناخۆراکی پێشکەش کرد. ئەم پڕۆژەیە لەلایەن ڕێکخراوی دەنگی سەربەخۆی ئافرەتان (VIWO) ئەنجامدرا بە هاوکاری وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی. ڕێکخراوی VIWOگرێبەستی لە گەڵ ڕاهێنەرێکی پیشەگەر و کەسێکی ئەکادیمی بۆ پێشکەش کردنی ڕاهێنانی پێویست بۆ وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی و بەڕێوەبردنی هەر چوارخانەکە سەبارەت بە چۆنیەتی چاودێری کردنی بەساڵاچووان.



ڕێکخراوی دەنگی سەربەخۆی ئافرەتان
خۆراك و کەل و پەلی ناخۆراکی پێشکەش دەکات بە سوودمەندێکی بەساڵاچوو لە بەغدا

پڕۆژەکەی VIWO یارمەتی پێشکەش کرد بە 314 نیشتەجێ بووی چوار خانەکە بۆ باشترکردنی باری گوزەرانیان. و خمەتگوزاریەکانی دەستەی بەڕێوەبردنی چوار خانەکە پێشکەشیان کرد زۆر باشتر بووە لە ئەنجامی ئەم پڕۆژەیە. پڕۆژەکە نموونەیەك دەخاتەڕوو لە دابین کردنی پێداویستیەکانی عیراقی زیان پێگەیشتوو کە کێشە و گرفتەکانیان ئاشکرا نیە وەك هی گرووپی دانیشتوانی زیان پێکەیشتووەکانی تر.

پڕۆژەکە ئامانجی دروستکردنی هۆشیاری لەسەر باری مرۆڤایەتی هاووڵاتیانی بە تەمەن بوو لە نێوان خاوەن بڕیاران لە عیراق و کۆمەڵەی نێودەوڵەتی و هەڵسەنگاندنی باری مرۆڤایەتی لە خانە گشتیەکان بۆ بەساڵاچووان و کۆمەڵگا نزیکەکان لە بەغدا و کەربەلا و نەجەف.

کاتی تەواوبوونی پڕۆژەکە، VIWO ڕایسپارد کە ئاژانسە مرۆڤایەتیەکان هێزیکی ئەرکی تایبەت پێکبهێنن بۆ پێداچوونەوەی کیشە و زیان پێگەیشتنی گرووپەکانی وەك بەساڵاچووان و هەتیوان و پەککەوتووان و دواکەوتوانی ئەقڵی لە عیراق و پێشکەش کردنی یارمەتی ڕاستەوخۆ بۆ ئەم گرووپانە. هاوبەشی کردن لە نێوان وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی و وەزارەتی پەیوەندداراەکانی حکومەتی عیراق و ڕێکخراوە ناحکومیەکان و نەتەوە یەکگرتووەکان و نوێنەرانی تری مرۆڤایەتی کارێکی سەرەکیە لە یارمەتی دانی ئەم زیان پێگەیشتووانە.

سوودمەندان ووتیان کە ئەمە یەکەم جارە ئاوڕێك لە بارەکەیان بدرێتەوە لە لایەن قەوارەیەکی ناحکومی. (ئەمە یەکەم جارە ڕێکخراوێکی ناحکومی یا ئاژانسێکی یارمەتی دان سەردا نمان بکات، هیوادارین کە زیاتر یارمەتیمان بدرێت)، یەکێك لە سوودمەندان ووتی. (کچم بێوەژنە و پێنج منداڵی هەیە، و هیچ داهاتێکی نیە، من ئەم خۆراك و کەل و پەلە تەندروستیە بەش دەکەم لەگەڵ ئەو).

# پاشكۆ 1

## پارێزگاكان لەگەڵ پرۆژە پەسەندكراوەكانی ERF (تا كانونی دووەمی 2009)




## چالاكیەكانی ERF بە پێی كەرت




**بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی ERF، تكایە پەیوەندی بكە بە**

**لینا سونناع، خاڵی پەیوەندی بەخشین،** sunna@un.org **و / یا یاسمین روكن فیلر،** OCHA OiC rochenfeller@un.org

OCHA United Nations Office for the Coordination of Humanitarian Affairs